# بۆچی ملهوڕانی کەلار ڕێبین زیندانی ئەکەن؟

**عامر سابیر**
asabir79@hotmail.com

**ساڵی پار لە ڕۆژێکی زۆر گەرمی کۆتایی مانگی تەموزدا، لە شاری کەلار و ئۆردوگای سمود بە دیداری ڕێبین تەها شاد بووم، کە پێکەوە لە گەڵ دەیان کەسی تردا ئامادەی ئەو سمینارە بووین کە سەنتەری گەنجانی کەلار بۆ ڕێبوار عارف ئەندامی مەکتەبی سیاسی (حككع) ڕێکیان خستبوو بۆ قسەوباس لە سەر ئازادی سیاسی لە کوردستان.**

**ڕێبین گەرچی قوتابیەکی پۆلی شەشەمی ئامادەیی یە، بەڵام لاوێکی زۆر چالاك و هەڵسوڕاوێکی ماندوونەناس و خۆشەویستێکی کەم وێنەی خەڵکی شاری کەلار و ئۆردوگای سمودە. ڕۆژنامەنوسێکی ئازادیخوازو ڕابەرێکی چاونەترسی نارەزایەتیەکانی خەڵکی بەشمەینەتی گەرمیانە، هەروەها ڕێبین یەکێك لە دیارترین ڕێکخەرانی خۆپیشاندانە مەزنەکەی کەلار بوو کە یەکێتیی نیشتمانیی بە دڕندەیی و ملهوڕی خۆی بەعس ئاسا خەڵتانی خوێنی کرد.**

**بەرپرسانی یەکێتیی لە کەلار زۆر هەوڵیان داوە کە ڕێبینی ڕابەرو خۆشەویستی خەڵکی بەشمەینەتی گەرمیان بکڕن و بیکەنە پیاوی خۆیان بەڵام بۆیان نەچۆتە سەر، بۆیە بۆ چاوترساندنی ئەو و خەڵکی کەلار ئاوا زیندانی ئەکەن.**

**ڕێبین تەها زیندانی ئەکەن چونکە سەریەشەی زۆری بۆ دەسەڵاتدارە دز و جەردەکانی کوردستان دروستکردوە.**

**ئازادی بۆ ڕێبین تەها**

**مردن و سەرشۆڕی بۆ ئەوانەی تا ئێستا لاسایی بەعس ئەکەنەوە لە کوردستان**

2006/2/7